# ئێستاو داهاتوو

## یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی، ئاشتی و ئاسایش لە سەروبەندی ڤایرۆسی کۆرۆنا ١٩

عێراق

WOMEN'S INTERNATIONAL LEAGUE FOR PEACE & FREEDOM

Iraqi Women Network شبكة النساء العراقيات تۆڕی ژنانی عیراقی

ASUDA Empower Women to Lead

gaps uk [ ] gender action for peace and security

# ١. پێشەکی

وەک بەشێک لە ئەندامبوون لە تۆڕی کاری جۆری کۆمەڵایەتی بۆ ئاشتی و ئاسایش (GAPS) ، ڕێکخراوی WILPF بەشداری کردووە لە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی نێوان چەند وڵاتێک بەناوی `ئێستا و داهاتوو: یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی، ئاشتی و ئاسایش لە سەروبەندی ڤایرۆسی کۆرۆنا ١٩`.

ئەم پرۆژەیە شیکردنەوەیەکی وورد پێشکەش دەکات لەسەر جۆری کۆمەڵایەتی و ناکۆکی بەمەبەستی هاوکاری کردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حکومەت بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی کورتخایەن و درێژخایەن و چۆنیەتی وەڵامدانەوە بەرامبەر کاریگەریەکانی کۆرۆنای ١٩. ئەم شیکاریە بیرۆکەیەکمان دەداتێ بۆ خاوەن بەرژەوەندیەکان لەسەر پەتای کۆرۆنا کە چۆن کاری کردۆتە سەر شێوازی ناکۆکیەکان کە تێکەڵ بە خودی جۆری کۆمەڵایەتی.

ڕێکخراوی WILPF بە هاوکاری لەگەڵ هاوبەشەکانی لە عێراق، تۆڕی ژنانی عێراق و ڕێکخراوی ئاسودە، ئەم ڕاپۆرتەی ئامادە کردووە. هاوبەشەکانی ڕێکخراوی WILPF هەڵساون بە ئەنجامدانی ڕاوێژ بەمەبەستی زامن کردنی پرۆسەیەک کە سەرچاوەی گرتبێت لە ناو کۆمەڵگاوە. ئامانجی ڕاوێژەکە بریتیبووە لە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک ڕاسپاردە بۆ حکومەت، چەند دامەزراوەیەک و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەمەبەستی گەشەپێکردنی چەند بەرنامەیەک. هەروەها بە ئامانجی کارکردنە سەر و تەرخانکردنی بەرنامەی کاری ئەم لایەنانە بۆ زیاتر گرنگیدان بە ئەجێندای ژنان و ئاشتی و ئاسایش.

تۆڕی ژنانی عێراق و ڕێکخراوی ئاسودە ٢٢ چاوپێکەوتنیان [1] ئەنجامداوە لەگەڵ چالاکەوانانی ژنان لە ١٦ پارێزگای عێراق و هەرێمی کوردستان. لەمانەش ١٤ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ چالاکەوانانی ژنان بووە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ١١ پارێزگای عێراق، و ٨ چاوپێکەوتنیش لەگەڵ چالاکەوانانی ژنان و خوێندکارانی زانکۆ لە ٥ پارێزگای هەرێمی کوردستان. بۆ مەبەستی سەلامەتی و نهێنی پارێزی، ڕێکخراوە بەشداربووەکان ناویان نەهاتووە لەم ڕاپۆرتەدا.

بەمەبەستی زامنکردنی هاوشێوەیی لەگەڵ ڕاپۆرتی نۆ وڵاتی تر لە ژێر هەمان پرۆژە، ئەم ڕاپۆرتە بە شێوازی `زیاتر لە ڕاوێژکردن: شێوازێک بۆ زیاتر بەشدارپێکردنی ژنان لە وڵاتانی کاریگەر بە ناکۆکیەکان` ئەنجامدراوە، لە مانگی ٣ ی ٢٠١٩ لە لایەن GAPS و کۆمەڵێک لە هاوبەشەکانی.

ڕاوێژەکان کە لەلایەن ڕێکخراوە هاوبەشەکانەوە ئەنجام دراوە چەند بوارێکی هەمەجۆری لە خۆی گرتووە، بەشێوەیەکی سەرەکی ئاشتی و ئاسایش، بەشداری کاریگەری ژنان و کچان، ڕابەرایەتی و بڕیاردان، پاڵپشتی تۆڕەکانی ژنان و کچان، بەشدارت کۆمەڵەکان، توندوتیژی دژی ژنان و کچان، یاساکانی لەناکاو، بارودۆخی ژیان، کاری ناسەلامەت و مافە ئابوریەکانی ژنان، پاراستنی کۆمەڵایەتی، مافەکانی تەندروستی سێکسی و نەوە خستنەوە، بەسوپاکردن، تەکنەلۆژیا، و هەلی یەکسان بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە کاتی کۆڤید ١٩.

[1] بەشداربوانی چاوپێکەوتنەکان هەڵبژێردراون بە جۆرێک هەمەجۆری هەیە لە بۆچون و شارەزاییان و چەند هۆکارێکی تری وەک (تەمەن، جێندەر، بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و هتد...)

# ٢.ڕاسپاردەکان

**١.١. ڕاسپاردەی ١: ناساندنی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی وەک پەتایەک هاوشێوەی پەتای کۆرۆنا ١٩**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری تەکنیکی و ماددی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق بکات لەسەر توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی، هەریەک لە توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی سێکسی، وەک پەتایەک هاوشێوەی کۆرۆنا ١٩. ئەمەش پێویستە ئەنجامبدرێت بە بەهێزکردنی میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا وەک زامن کردنی ڕاپۆرتکردنی توندوتیژیەکان بە شێوەیەکی سەلامەت و نهێنیپارێزی بۆ ڕزگاربوانی توندوتیژیەکان. هەردوو حکومەتەکە پێویستە کاربکەن بۆ بەشدارپێکردنی کۆمەڵەکان، ژنان و کچان، لە ڕاوێژە نیشتمانیەکاندا بەمەبەستی داڕشتنەوەی میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە کە کاریگەرن، لەڕووی جێندەریەوە هەستیارن و پەیوەستن بە پێداویستیەکانەوە، بەمەبەستی زامن کردنی گەیشتن بە دادپەروەری بۆ کۆمەڵەکان لە هەموو پارێزگاکانی عێراق.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەت بدات لە عێراق بۆ باسکردنی حاڵەتەکانی ژن کوشتن و زیادبوونی ڕێژەی کوشتنی ژن بە هۆی کۆرۆناوە، ئەمەش بە هەبوونی یاسای ڕێگر و پارێزەر، باشکردنی بەرنامەکانی هۆشیار کردنەوە وەک ڕێگرتن لە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی، و هاوکاری کچان لە ڕووی پەروەردەییەوە (بە تایبەتی ئەوانەی کە کاریگەربوون بە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی). هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە جیاوازەکان پێویستە ڕێگای جیاواز بگرنە بەر بۆ چاودێریکردنی هەوڵەکانی حکومەت لە زامنکردنی دادگەری بۆ هەموو ژنان بەهۆی پابەندبوونی هەردوو حکومەت لەژێر سایەی یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ.

**٢.١. ڕاسپاردەی ٢: پەرەپێدانی پلانی لەناکاوی نیشتمانی کاریگەر تایبەت بە هەستیاری جۆری کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی فیمەنستیانەی هەمەلایەنە لە کاتی قەیرانەکاندا**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری تەکنیکی و ماددی پێشکەشبکات بە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پەرەپێدانی پلانی نیشتیمانی لەناکاو بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکان بەشێوازی جۆری کۆمەڵایەتی. ئەم پلانانە پێویستە بناید بنرێن لەسەر بنەمانی شیکاری فیمینستیانەی هەمەلایەن لە کاتی قەیرانەکاندا کە لێکۆڵینەوە دەکات لە کاریگەری، تێچون و دەرەنجامەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە قەیرانەکانی پێشتردا لەسەر ژنان و کچان و سەرجەم گروپە پشتگوێ خراوەکان.

هەردوو حکومەت پێویستە تێڕوانینیان هەبێت بۆ قەیرانەکانی پێش کۆرۆنای ١٩ کە ڕێژەی توندوتیژیان بەرزکردۆتەوە و وایانکردبوو کە ڕاپۆرت کردنیان قورستر بێت. پێویستە باس لە کاریگەریە ڕووخێنەرەکانی ژێرخانی ئابوری بکەن، پەرتەوازەبوونی ژنان و کچان و زیادبوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لەدەرەنجامی زۆری قەیران و ناکۆکیەکان.

**٣.١. ڕاسپاردەی ٣: خراپی باری ئابوری و کاریگەری هەژاری لەسەر ژنان: کاری ژنان لە ئابوری نافەرمیدا**
لە ماوەی کورتخایەندا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بکات لەپێشکەشکردنی هاوکاری ئابوری و ژیانی خێزانە کەمدەرامەتەکان بەمەبەستی کەمکردنەوەی مەترسیەکانی هەژاری و توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی.

لە ماوەی درێژخایەندا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بدات لە وەبەرهێنان لە توانا مرۆییەکاندا، بەهێزکردنی سێکتەرە بەرهەمهێنەکان و پێشکەشکردنی پارێزگاری یاسایی بۆ ئەو ژنانەی کە کاردەکەن لە سەرجەم سێکتەرەکاندا بە مەبەستی پاراستنیان لە دەرکردنی بێ هۆکار یاخود کارپێکردنیان بە بێ گرێبەست. بەشداری ئابوری ژنان لە سێکتەرە نافەرمیەکاندا پێویستە کاریان لەسەر بکرێت بەمەبەستی پێدانی ماف و بیمەی کۆمەڵایەتی.

**٤.١. ڕاسپاردەی ٤: هاوکاریکردنی هەوڵەکانی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی ژنان کە توانیویانە بەشێوەیەکی کاریگەر وەڵامدانەوەیان هەبوبێت بەرامبەر کۆرۆنا سەرەڕای سنورداری سەرچاوە داراییەکان**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری تەکنیکی و ماددی درێژخایەن و بەردەوامی هەبێت بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەو تۆڕانەی کاردەکەن لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی کە چالاکن لەمەیداندا وکاردانەوی خێرایان هەبووە لە بەرامبەر کاریگەریەکانی کۆرۆنادا لەسەر کۆمەڵە نێوخۆییەکان.

هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە نەرمیەکی زیاتر بنوێنێت لە هاوکاریکردنی چوارچێوەکانی کارکردندا، بەتایبەتی ئەوانەی کە پاڵپشتی هەوڵەکان دەکەن بۆ دەرخستنی کاریگەریەکانی کۆرۆنا لە گۆشەنیگای ژنانەوە یاخود کاریگەریە لاوەکیەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لەسەر ژنان و گرۆپە پشتگوێخراوەکان لە کۆمەڵگادا.

**٥.١. ڕاسپاردەی ٥: پاڵپشتی بەشداری سیاسی ژنان و ڕۆڵی بڕیاردان لە شێوە کردنی وەڵامدانەوە بۆ پەتای کۆرۆنا و هەر پەتاو قەیرانێکی تر لە داهاتودا**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە پاڵپشتی هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵ بکات بەمەبەستی دڵنیا بوون لەوەی کە ژنان لە هەموو ئاین و گرووپە جیاوازەکان بەشێوەیەکی کاریگەر بەشدار دەبن لە پەرەپێدانی پلان و لیژنەکانی وەڵامدانەوەی لەناکاو بە جۆرێک هەموو ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان لەسەر دۆخی ژنان و کچان و کۆمەڵە پشتگوێخراوەکان هەیە لە بەرچاو بگیرێن. ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان ڕێکخراو و تۆڕەکانی ژنان لەسەر ئاستی ناوخۆ بەمەبەستی زامنکردنی پلانێکی وەڵامدانەوەی کاریگەر کە لە ئاست داخوازی کۆمەڵە پشتگوێخراوەکاندا بێت و جێبەجێبکرێن.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هەموو جۆرە پاڵپشتیەکی تەکنیکی و ڕاوێژی پێشکەش بکات لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و پەرەپێدانی پلانی ستراتیژی بەمەبەستی سنووردارکردنی کاریگەریە خراپەکانی قەیرانەکان هەرکاتێک پێویست بوو.

هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵ پێویستە هەموو جۆرە پاراستنێک پێشکەش بکەن بە ژنان بەمەبەستی بەشداریکردنی کارا لە بڕیاردان، بەتایبەتی لە ڕووبەڕوبونەوی پیاوسالاری کە ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەکەنەوە، ناوبانگیان لەکەدار دەکات و مەترسی کوشتنیان زیاد دەکات بەهۆی بەشداریکردنی سیاسیان.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بدات بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی ڕێگر لەبەردەم پەرەپێدانی پلانی کاریگەر بۆ وەڵامدانەوە (وەک ژێرخانی ئابوری و سیستەمی پیاوسالاری، هتد)، و باسکردنیان بە پەرەپێدان، جێبەجێکردن و چاودێریکردنی پلانە درێژخایەنەکان.

**٦.١. ڕاسپاردەی ٦: لەشکرکێشی و بڵاوبونەوەی چەکی بچوک**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هەموو جۆرە هاوکاریەکی سەربازی و پرچەککردن ڕابگرێت کە بگات بە دەستی میلیشیا سەربازیەکان. هەروەها پێویستە هانی حکومەتی فیدراڵی عێراق بدات بۆ ڕاگرتنی کڕین و فرۆشتن بە چەکی بێ مۆڵەت و تۆمارکردنی پێشێلکاریەکان کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و هەروەها تۆمارکردنی کاریگەریە جێندەریەکانی لەسەر ژنان و کەمینەکان لە عێراق.
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەروەها پێویستە فشار لە حکومەتەکان بکات بۆ گۆڕینی وەڵامدانەوەیەکی سەربازیانە بۆ وەڵامێک کە هۆکارە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانی لەبەرچاوگرتبێت، زیادکردنی کاریگەریەکانی وەڵامەکان و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی قەیرانەکان.

**٧.١. ڕاسپاردەی ٧: کاریگەری جۆری کۆمەڵایەتی فێربونی ئۆنلاین و هەلی یەکسان بۆ گەیشتن بە تەکنەلۆژیا**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بکات بۆ پێدانی تۆڕی ئینتەرنێت لە ناوچە دوورە دەستەکان، دابینکردنی ئامێرە زیرەکەکان بۆ خوێندکاران بەبێ بەرامبەر یاخود بە نرخێکی زۆر کەم، دڵنیابوون لە گەیشتنی خوێندکاران بە ئینتەرنێت، و پێدانی کۆمەڵەجیاوازەکان هەلی یەکسان بۆ گەیشتن بە سەرچاوە تەکنەلۆژیەکان. هەردوو حکومەت پێویستە پەرە بە شێوازەکانی فێربونی دوور (ئۆنلاین) بدەن بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی جێندەری، ئەنجامدانی شیکردنەوەی جێندەری پێش جێبەجێکردن، و بەهێزکردنی هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە بوارەکاندا چالاکن.

**٨.١. ڕاسپاردەی ٨: بەهێزکردنی وەڵامدانەوی تەندروستی پەیوەست بە هەستیاری جێندەری**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بدات لە وەبەرهێنان لە سێکتەری تەندروستیدا، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جۆری کۆمەڵایەتی و جیاوازیە ئاینیەکان و ئەو جیاوازیانەی کە دەبێت لەبەرچاوبگیرێت بۆ کۆمەڵە پشتگوێخراوەکان. هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی تەندروستی بکات بە هاوکاریکردنی ئەو پرۆژانەی کە خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش دەکەن بۆ ژنان و کچان کە ناتوانن دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان. وەڵامدانەوە تەندروستیەکان پێویستە هەستیاری جێندەری تیادا ڕەچاو بکرێت.

# ٣. ڕاسپاردە و بەڵگەکان

**١.٣. ڕاسپاردەی ١:**
**ناساندنی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی وەک پەتایەک هاوشێوەی کۆرۆنا ١٩**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری تەکنیکی و ماددی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق بکات لەسەر توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی، هەریەک لە توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی سێکسی، وەک پەتایەک هاوشێوەی کۆرۆنا ١٩. ئەمەش پێویستە ئەنجامبدرێت بە بەهێزکردنی میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا وەک زامن کردنی ڕاپۆرتکردنی توندوتیژیەکان بە شێوەیەکی سەلامەت و نهێنیپارێزی بۆ ڕزگاربوانی توندوتیژیەکان. هەردوو حکومەتەکە پێویستە کاربکەن بۆ بەشدارییکردنی کۆمەڵەکان، ژنان و کچان، لە ڕاوێژە نیشتمانیەکاندا بەمەبەستی دارشتنەوەی میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە کە کاریگەرن، لەرووی جێندەرییەوە هەستیارن و پەیوەستن بە پێداویستیەکانەوە، بەمەبەستی زامن کردنی گەیشتن بە دادپەروەری بۆ کۆمەڵەکان لە هەموو پارێزگاکانی عێراق.
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەت بدات لە عێراق بۆ باسکردنی حاڵەتەکانی ژن کوشتن و زیادبوونی ڕێژەی کوشتنی ژن بە هۆی کۆرۆناوە، ئەمەش بە هەبوونی یاسای ڕێگر و پارێزەر، باشکردنی بەرنامەکانی هۆشیار کردنەوە وەک ڕێگرتن لە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی، و هاوکاری کچان لە ڕووی پەروەردەییەوە (بە تایبەتی ئەوانەی کە کاریگەربوون بە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی). هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە جیاوازەکان پێویستە ڕێگای جیاواز بگرنە بەر بۆ چاودێریکردنی هەوڵەکانی حکومەت لە زامنکردنی دادگەری بۆ هەموو ژنان بەهۆی پابەندبوونی هەردوو حکومەت لەژێر سایەی یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ.

ڕێژەی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دووبەرامبەر زیادیان کردووە بەهۆی کۆرۆناوە. هەندێک لەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە لە پارێزگاکانی موسەنا و بەسرە لە خواروی عێراق ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ڕێژەی توندوتیژی زیادی کردووە بە ڕێژەی لەسەدا ٣٠ بە بەراورد لەگەڵ پێش کۆرۆنا. هەندێکیان ئاماژەیان بە سەرهەڵدانی ئەوەی کە پێی دەوترێت `توندوتیژی زۆر` کە تیایدا ژنان ڕووبەرووی خراپترین جۆرەکانی توندوتیژی و کوشتن دەبنەوە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە.

زۆربەی جۆرەکانی توندوتیژی کە لەدوای کۆرۆنا زیادیان کردووە بریتیە لە هەراسانکردنی سێکسی ژنان، بەتایبەتی لە ناوچە دوورەدەستەکان یاخود ئۆنلاین، بەرزی ڕێژەی لاقەکردنی ژنان و کچان لەلایەن خزمەنزیکەکانیانەوە، و زیادبونی هاوسەرگیری منداڵان بە زۆر بەهۆی وەستانی خوێندنگاکانەوە. زۆربەی بەشداربوان لە پارێزگا جیاوازەکان باسیان لە بەرزبونەوەی ڕێژەی خۆکوشتنیان کردووە لە ناو ژنان و کچان بەهۆی زۆری فشار و توندوتیژی خێزانی.

شێوازەکانی توندوتیژی کە ئەنجام دەدرێن دژی ژنان و کچان زیادیان کردووە بەهۆی کۆرۆناوە. ئەمەش دەرەنجامی شکستی دەسەڵاتە لە حکومەتی فیدراڵ و عێراق لە بەهێزکردنی ژێرخانی جۆری کۆمەڵایەتی و سیستەمی وەڵامدانەوە کە باس لە ستانداردەکانی شێوازی وەڵامدانەوە دەکات لە ڕاپۆرتکردنی توندوتیژیەکان لە لایەن ڕزگاربوانی توندوتیژیەکان بە شێوازێکی سەلامەت و نهێنی پارێز. لە زۆربەی پارێزگاکاندا، باشداربوانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە باسکردن لە حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی تا ئێستاش لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە دەبێت. لە کاتی پەتاکەدا، زۆربەی ڕاپۆرتەکان لەرێگەی خۆبەخشەکانەوە ئنجامدەدرا لەکاتی سێشنەکانی هۆشیارکردنەوە، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەدەستەکاندا. بۆیە ژنانی ڕزگاربوو هەر بە لاوازی ماونەتەوە بەهۆی چەندین جۆری پشتگوێخستن، خراپی ڕاپۆرتکردن و دەستنەگەیشتن بە دادپەروەری. ئەمەش لە دەرەنجامی ئەو ئاڵۆزیانەی کە سیستەمی دادگەری هەیەتی و خراپی پێکهاتە و خزمەتگوزاریەکان تایبەت بە ڕاپۆرتکردنی توندوتیژیەکان بە شێوەی سەلامەت و نهێنی پارێزی.

کۆمەڵێک بابەت هەن کە پێکەوە توانای ژنان و کچانی بۆ گەیشتن بە دادپەروەری سنوردار کردووە، لەوانەش:

- هێزە ئەمنیەکان و گروپەکانی سەر بەوان بەکارهێنراون وەک بەشێک لە وەڵامدانەوەیەکی فەرمی بۆ پەتای کۆرۆنا کە بونەتە هۆی سنوردارکردنی کۆبونەوەی ژنان و کچان، لە دەرەنجامیشدا سنوردارکردنی دەستگەیشتنیان بە تەندروستی و ئاسایش بۆ باسکردنی توندوتیژیەکان یاخود دەستکەوتنی بەڵگە بۆ سەلماندی ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژیەکان.
- دادگاکان ڕاگیرابوون بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆوە بەبێ خستنەڕووی جێگرەوەیەکی فەرمی بۆ ژنان و کچان لە دەست گەیشتنیان بە دادپەروەری، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە زۆرێک لە ژنان و کچان مافەکانیان لەدەست بدەن لە بە سزا گەیاندی بکەری توندوتیژیەکانیان. لەوەش زیاتر، ڕاگرتنی دادگاکان هۆکاربوون بۆ نەهێشتنی مافە یاساییەکانی ژنان وەک مارەیی، بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە ئەرکی بژێوی ماڵیان لە ئەستۆدایە و هۆکاربون بۆ پەنابردنی زۆرێک لە ژنان بۆ هەوڵی خۆ کوشتن.

- هاوکاری تایبەت بە ژنانی بێکار بۆ ماوەی سێ مانگ ڕاگیرا کە ئەمەش وایکرد ئەرکی سەرشانی ژنان قورستر ببێت.
- پۆلیسی کۆمەڵگا نەیتوانیوە وەکو پێویست کاربکات بەهۆی کۆرۆناوە، لەوانەش داخستنی سەنتەرەکانی کارکردنیان و بارەگای سەرەکیان و وەستانی بەرنامەکانیان، ئەمەش توانای ژنان و کچانی سنوردار کردووە لە باسکردن و ڕاپۆرتکردنی کێشەکانیان. ئەمەش سەرەڕای نەبوونی پارەی پێویست و هیچ بەرنامەیەکی تایبەت بە هەستیاری جۆری کۆمەڵایەتی.
- پۆلیسی کۆمەڵگا ستافی مێینەی تیادا نیە یاخود بەرنامەی ڕاهێنان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی خێزانی. لە دەرەنجامدا، تەنها یەک حاڵەتی توندوتیژی خێزانی لە پارێزگانی موسەننا نێردراوە.
- نەبوونی میکانیزمی تایبەت بە پاراستنی ژنان و نەبوونی پەناگەی ئارام بۆ ژنانی ڕزگاربووی توندوتیژیەکانی خێزانی. لە پارێزگایەک ڕێکخراوە چالاکەکان لە داکۆکیکردن لە توندوتیژی خێزانی داوای لە دادوەرێک کردووە کە ڕزگاربوویەکی دەستدرێژی سێکسی بخاتە زیندان بۆ پاراستنی لە خێزانەکەی یاخود ئەنجامدەری توندوتیژەکە کە بووە هۆی تۆمارکردنی پێشینەی تاوانی بۆ ڕزگاربووەکە بەهۆی نەبوونی پەناگە.

لەبەر ئەم هۆکارانە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان بدات بەمەبەستی دەرکردنی یاسای پێویست بۆ پاراستنی ژنان لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی، لەوانەش توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی.  هەروەها هەوڵەکان پێویستە زیاتر بێت لە دەرکردنی یاسا بەمەبەستی باشترکردنی هەوڵە هەمەجۆرەکان لە بنیادنانی سیستەمێک بە توندوتیژی خێزانی. ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ناناوەندێتی و زامن کردنی گەیشتنی ژنان و کچان لە گەیشتن بە دادپەروەری لە ناوچە دورەدەستەکان و پشتگوێخراوەکان.  هەموو ئەم  کارانەش بە بەهێزکردنی هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان. هەردوو حکومەتەکە پێویستە ڕێگای گونجاو بدۆزنەوە بۆ وەڵامدانەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵی خێڵەکان کەم بکاتەوە.

---

**٢.٣. ڕاسپاردەی ٢:**

**پەرەپێدانی پلانی لەناکاوی نیشتمانی کاریگەر تایبەت بە هەستیاری جۆری کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی فیمەنستیانەی هەمەلایەنە لە کاتی قەیرانەکاندا**

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری تەکنیکی و ماددی پێشکەشبکات بە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پەرەپێدانی پلانی نیشتیمانی لەناکاو بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکان بەشێوازی جۆری کۆمەڵایەتی. ئەم پلانانە پێویستە بناید بنرێن لەسەر بنەمانی شیکاری فیمینستیانەی هەمەلایەن لە کاتی قەیرانەکاندا کە لێکۆڵینەوە دەکات لە کاریگەری، تێچون و دەرەنجامەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە قەیرانەکانی پێشتردا لەسەر ژنان و کچان و سەرجەم گروپە پشتگوێ خراوەکان.

هەردوو حکومەت پێویستە تێڕوانینیان هەبێت بۆ قەیرانەکانی پێش کۆرۆنای ١٩ کە ڕێژەی توندوتیژیان بەرزکردۆتەوە و وایانکردبوو کە ڕاپۆرت کردنیان قورستر بێت. پێویستە باس لە کاریگەریە ڕووخێنەرەکانی ژێرخانی ئابوری بکەن، پەرتەوازەبوونی ژنان و کچان و زیادبوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لەدەرەنجامی زۆری قەیران و ناکۆکیەکان.

کۆرۆنا هۆکاربووە بۆ قوڵکردنەوەی نایەکسانی و زۆرێک لەو کێشانەی کە پێشتر هەبووە. ژنان و کچان لە زۆرێک لە پارێزگاکاندا ڕووبەڕووی زۆرێک لە شێوەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی بوونەتەوەو خراپتر بووە بەهۆکاری کەلتوری و ئابوری و سیاسی و تەنانەت ژینگەییش. لەبەر ئەمانە، وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر پێویستە بۆ پەتای توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی تری توندوتیژی و هەموو ئەو هۆکارانەی تریش کە دەبنە هۆی خراپترکردنی بارودۆخی ژنان یاخود خراپی باری چەند کۆمەڵەیەک بەهۆی نەبوونی چارەسەر یاخود سەرچاوەی پێویست. ژنان و کچان قورسایی زۆربەی قەیرانەکان لە ئەستۆ دەگرن کە عێراق بەخۆیەوە بینیوە لە چەند دەیەی ڕابردوو. خزمەتگوزاری پێویست یاخود هاوکاری پێشکەش بە ژنان و کچان نەکردووە لە چوارچێوەی بەرنامەی ڕێگریکردن یاخود پاراستن، زیادبونی لاوازیەکانیان بەرامبەر توندوتیژی، گێچەڵی سێکسی، هەژاری و پشتگوێخستن.

جۆرە سەرەکیەکانی توندوتیژی:

- ئەو ژنانەی کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە ڕووبەڕووی چەندین کرداری دوژمنکارانە بونەتەوە کە بووەتە هۆی مەترسی کوشتن، دەستدرێژی سێکسی، خۆکوشتن، نکوڵی کردن لە ناسنامەی خۆیان و منداڵەکانیان، نکوڵی کردن لە پەروەردە، دەرکردن لە گروپەکانیان وبە کەم سەیرکردنی خۆیان و منداڵەکانیان.
- ترسی ژنان و کچان  کە باس لە دەستدرێژی سێکسی ناکەن یاخود تاوانە سێکسیەکان لە ترسی کوشتنایان یاخود کوشتن بە پاڵنەری شەرەف.
- ناچارکردنی ئاوارەی ناوخۆ بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی پێشویان. زۆربەی ئاوارەی ناوخۆکان ئەرکی بژێوی خێزانیان لەسەرە کە خوازیارن لە ناو کەمپەکان بمێننەوە کە دەتوانن هاوکاری بەدەستبهێنن کە ناتوانن لە ناوچەکانی خۆیان دەستیان بکەوێت.

- بەرزی ڕێژەی هەژاری لە هەندێک لە پارێزگاکان و ناوچەکان، وەک شنگال، کە زۆربەی ژنان بە بێ هاوژینەکانیان ژیان دەکەن بەهۆی تاوانی کۆمەڵکوژی لە هەرێمەکانیان سەرەڕای دەستنەگەیشتن بە خۆراکی پێویست.
- نەبونی هەلی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان، زۆربەی ژنان کاری نافەرمی دەکەن و زۆربەیان کارەکانیان لەدەستدا بەهۆی کۆرۆناوە.
- ئەو ئابڵوقەیەی کە خرایە سەرعێراق لە ساڵی نەوەکاندا (١٩٩٠) کاریگەری نەرێنی درێژخایەنی هەبووە لەسەر برودۆخی کۆمەڵایەت و ئابوری و تەندروستی ژنان و خێزانەکانیان، لەوانەش ترۆمای جیلە جیاوازەکان.
- جەنگە جۆراوجۆرەکان کە عێراق پیایدا تێپەڕبووە کاریگەری کۆمەڵایەتی قوڵی هەبووە و بۆتە هۆی زیادبونی مردن و خراپبوونی کواڵتی خزمەتگوزاری پەروەردە و تەندروستی. کاریگەری ئەم قەیرانانە زۆر خراپتر بووە لە کاریگەری کۆرۆنا.
- ئاوارەبونی بەربڵاو و کاریگەریە بەردەوامەکانی وای کردووە ژمارەیەکی زۆر خێزان لە کامپەکاندا بژین سەرەڕای ئازادبونی ناوچەکانیان لە دەستی داعش لە ساڵی ٢٠١٥ەوە.
- لافاوەکانی ڕووباری دیجلە لە ساڵی ٢٠١٩ و کاریگەریەکانی لەسەر دێهاتەکان و کاریگەری زەمینلەرزەکان بە تایبەتی لە پارێزگا سنوریەکانی وەک سلێمانی و ئێران.

بەکورتی کاریگەری قەیرانەکان بەردەوام دەبن بەر لەوەی کۆتاییان پێبێت. لە حاڵەتی عێراقدا، لە پاش ئەو قەیرانانەی کە ئاماژەیان پێکرا (ئاوارەبوون، بڵاوبونەوی گروپە توندڕەوەکان، لافاو و بارودۆخی خراپی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەوانەش هەژاری و دورخستنەوە و پشتگوێخستن)، هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان پێویستە کار لەسەر کاریگەریە خراپەکانی ئەو قەیرانانە و دانانی پلانی کورت خایەن و درێژ خایەن بۆ ڕێگی کردن لێیان. ئەمە زامنی ئەوە دەکات کاتێک قەیرانەکان کۆتاییان دێت، کاریگەریە ئابوری.و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی (لەوانەش لەدەستچونی داهات و زیادبونی ناسەقامگیری) ئاسانتر کاریان لەسەر دەکرێت.

`پلانی نیشتمانی ١٣٢٥ پێویستە ڕۆڵی کۆمەڵگای ناوخۆ و نێودەوڵەتی دیاری بکەن لە وەڵامدانەوەی قەیرانەکان و وانە وەرگرتن لە ئەزمونی پێشتر`
بەشداربویەک لە پارێزگای زی قار

---

**٣.٣. ڕاسپاردەی ٣:**
**خراپی باری ئابوری و کاریگەری هەژاری لەسەر ژنان: کاری ژنان لە ئابوری نافەرمیدا**
لە ماوەی کورتخایەندا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بکات لەپێشکەشکردنی هاوکاری ئابوری و ژیانی خێزانە کەمدەرامەتەکان بکات بەمەبەستی کەمکردنەوەی مەترسیەکانی هەژاری و توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی.

لە ماوەی درێژخایەندا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بدات لە وەبەرهێنان لە توانا مرۆییەکاندا، بەهێزکردنی سێکتەرە بەرهەمهێنەکان و پێشکەشکردنی پارێزگاری یاسای بۆ ئەو ژنانەی کە کاردەکەن لە سەرجەم سێکتەرەکاندا بە مەبەستی پاراستنیان لە دەرکردنی بێ هۆکار یاخود کارپێکردنیان بە بێ گرێبەست. بەشداری ئابوری ژنان لە سێکتەرە نافەرمیەکاندا پێویستە کاریان لەسەر بکرێت بەمەبەستی پێدانی ماف و بیمەی کۆمەڵایەتی.

ئەو بەشداربوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا باشداریان کردبوو ئاماژەیان بەوە کردبوو کە ژنان کاریگەر بوون بە دەرەنجامە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆرۆنا. ئەم پەتایە چاوەڕوانی ئەوەشی لێدەکرێت کە ڕێژەی هەژاری زیاد بکات و پشتگوێ خستنی گروپە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەتی ژنان و کچان.

بەشداربوان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەو گروپانەی کە زۆرتر کاریگەرن بە کاریگەریە ئابوریەکانی کۆرۆنا بریتین لە خێزانە داهات کەمەکان، ژنان لە سێکتەرە نافەرمیەکان، ئەو ژنانەی کە لە کشت و کاڵدا کار دەکەن، ئەو ژنانەی کە ئەرکی بژێوی خێزانیان لەسەرە (بە تایبەتی بێ هاوژینەکەن، جیابووەکان، ژنانی ئاوارەی ناوخۆ، کە بە گوێرەی ڕێکخراوی ئۆکسفام یەک خێزان لە دە خێزان پێکدەهێنن). لە پێش کۆرۆنا، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەک لە لایەن ڕێکخراوی ئۆکسفام لە مانگی ٦ ی ساڵی ٢٠٢٠، ئەوەی دەرخستووە کە ڕێژەی لە سەدا ١٥ بۆ ٣٠ ئەو ژنانەی کە بە چالاکی ئابوریەوە خەریک بوون پێش کۆرۆنا، لە دوای کۆرۆنا کارەکانیان لە دەست داوە.[2] لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، لە سەدا ٨٥ ی ئەو ٣٢٠٠ خێزانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە باسیان لەوە کردووە کە ئەو پارەیەی کە هەڵیان گرتووە بەشی کەمتر لە ٣ مانگ دەکات.[3]

2 ئۆکسفام، لێکۆڵینەوەی جۆری کۆمەڵایەتی ڤایروسی کۆرۆنا لە عێراق کە ئەنجامدراوە لە پارێزگاکانی کەرکوک، دیالە و سلێمانی، مانگی ٦ ی ساڵی ٢٠٢٠.
3 ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، هەڵسەنگاندنی خێرا لەسەر کاریگەری کۆرۆنا لەسەر کەسانی لاواز و کارە بچوکەکان لە عێراق، مانگی ٧ ی ٢٠٢٠.

`کاریگەری گەورەی توندوتیژی بریتیە لە توندوتیژی ئابوری، کە تیایدا ژنان، بە تایبەتی ئەوانەی کە بژێوی ژیانی لەسەرە، بەرپرسیارێتی پەیداکردنی قوتی خێزانەکانیان لەسەرە. بۆ نموونە، ڕێژەی لە سەدا ٩٠ ی ئەوانەی گەڕاونەتەوە بۆ دێهاتەکانیان لە باکوری میقدادیە پشت دەبەستن بە کاری ڕۆژانە و زۆربەیان بێ کاربوون بەهۆی هەبونی قەدەغەی هاتوچۆ. زۆربەی ئەمانە بێ هاوژین و جیابووەوەن لەگەڵ هەبونی کێشەی خێزانی قوڵ.`
بەشداربوویەک لە پارێزگای دیالەوە

سەرەڕای لەدەستدانی داهاتی دەستکەوتوو لە چالاکیە ئابوریەکان کە قەدەغەی هاتووچۆ و دابەزینی نرخی نەوت لە هۆکارە سەرەکیەکانی بووە، بەشداربوان ئاماژەیان بەوە کردووە کە پێویستە سەیری هۆکارە سەرەکیەکانی تر بکەین کە کاریگەری هەبووە لەسەر زیادکردنی کاریگەریەکان لەسەر ژنان. توندوتیژی خێزانی و پیاو سالاری لە هۆکارە سەرەکیەکانن. ئەمە سەرەڕای ئەو ئەرکانەی تر کە ژنان لەسەریانە: بە تایبەتی کە ئەندامانی خێزان هەموو لە ماڵەوەن و ئەرکەکان لەسەر ژنانە و وای کردووە کە ژنان کەمتر بە چالاکی ئابوریەوە خەریک بن. لەوەش زیاتر، کاری ژنان لە سێکتەری کشت و کاڵدا لە ناوچە دوورە دەستەکان وەک بەشێک لە کاری ناوماڵ تەماشابکرێت و پاداشتیان پێ نادرێت یاخود دڵنیای، قەرەبوو لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە بەهۆی کەش و هەوا، مار و حەشەراتەکانی تر.

بەشداربوان لە ناوچە دوورەدەستەکانەوە باسیان لەوە کردووە کە هاوکاریەکان بۆڕووبەڕووبونەوی پەتای کۆرۆنا زیاتر بۆ شارە گەورەکان بووە و ناوچە دوورەدەستەکان پشتگوێ خراون کە ژنان لە سەدا ٧٠ ی کرێکاران پێکدەهێنن تیایاندا کە لە کەرتی کشتوکاڵدا کاردەکەن. لەم شوێنانەدا زۆرێک لە ژنان لە کارە نافەرمیەکاندا کاردەکەن وەک دروستکردنی مافور یاخود ماسی گرتن کە ڕووبەڕووی مەترسی زیاتریان دەکات بەهۆی کۆرۆناوە.

لە کۆتایشدا، ئەو میکانیزمانەی کە بەکاردێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کۆرۆنا پێویستە جۆری کۆمەڵایەتی تیادا لەبەرچاو بگیرێت. سەلامەتی خواردن بەربەستی گەورەیە بۆ ژنان، بەتایبەتی ژنانی سکپڕ و سستەر کە لە خواردنی خۆیان کەمدەکەنەوە بۆ کەسانی تر بەتایبەتی پیاوان و منداڵان. هاوسەرگیری منداڵ بابەتێکی تری جێگای مەترسیە کە ڕووی لە زیادبوون کردووە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری کە وای کردووە خێزانەکان لەبەر کەمکردنەوەی خەرجیەکان ڕێگا بە هاوسەرگیری منداڵ بدەن.

هەردوو حکومەت پێویستە سیاسەتی ئابوری پێویست بگرنە بەر کەلە مەوەی کورت خایەن، مامناوەندو درێژ خایەن  هاوکاری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری خێزانەکان بە تایبەتی لە کاتی قەیرانەکاندا. لە ماوەی کورتخایەندا، حکومەت پێویستە هاوکاری ماددی خێرا بۆ ئەو ژنانەی کە ژیانیان لە مەترسیدایە سەرەڕای دابین کردنی هۆکارەکانی پاراستنیان لە مەترسیەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی. لە ماوەی مام ناوەند و درێژخایەندا، حکومەتی فیدراڵ و هەرێم پێویستە وەبەرهێنان لە توانا مرۆییەکاندا بکەن و سێکتەرەکانی وەبەرهێنان بەهێز بکەن و پاراستنی یاسایی پێشکەش بە ژنان بکەن کە لە هەموو سێکتەرەکاندا کار دەکەن دژی دەرکردنی بێ هۆکار یاخود خستنەسەرکاری بێ گرێبەست. بەشداری ئابوری ژنان لە سێکتەرە نافەرمیەکاندا پێویستە کاریان لەسەر بکرێت بەمەبەستی پێدانی بیمەی کۆمەڵایەتی پێیان.

**٤.٣. ڕاسپاردەی ٤:**
**هاوکاریکردنی هەوڵەکانی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی ژنان کە توانیویانە بەشێوەیەکی کاریگەر وەڵامدانەوەیان هەبوبێت بەرامبەر کۆرۆنا سەرەڕای سنورداری سەرچاوە داراییەکان**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری تەکنیکی و ماددی درێژخایەن و بەردەوامی هەبێت بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەو تۆڕانەی کاردەکەن لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی کە چالاکن لەمەیداندا وکاردانەوەی خێرایان هەبووە لە بەرامبەر کاریگەریەکانی کۆرۆنادا لەسەر کۆمەڵە نێو خۆییەکان.

هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە نەرمیەکی زیاتر بنوێنێت لە هاوکاریکردنی چوارچێوەکانی کارکردندا، بەتایبەتی ئەوانەی کە پاڵپشتی هەوڵەکان دەکەن بۆ دەرخستنی کاریگەریەکانی کۆرۆنا لە گۆشەنیگای ژنانەوە یاخود کاریگەریە لاوەکیەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لەسەر ژنان و گرۆپە پشتگوێخراوەکان لە کۆمەڵگادا.

لە زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبیەکاندا، ڕێکخراوەکان و تۆڕەکانی ژنان، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە ڕووبەڕووبونەوەی کۆرۆنادا. لە ڕیزی پێشەوە کاریان کردووە بە: دروستکردنی گروپەکانی وەڵامدانەوەی قەیرانەکان؛ گەشەپێدانی ستراتیژی کرداری بۆ هۆشیارکردنەوە دەربارەی مەترسیەکانی کۆرۆنا؛ فراوانکردنی چوارچێوەی هاوکاریەکان بۆ شوێنە دوورەدەستەکان و پشتگوێخراوەکان؛ دابەشکردنی هاوکاری تەندروستی و خۆراکی؛ بابەتەکانی پاککەرەوە، و خۆپارێزی؛ هەروەها هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ژنانەی کە ناتوانن ماڵ بەجێ بهێڵن و هاوکاری ئەو کچانەی کە بێبەشکراون لە پەروەردە و هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا بە هۆی هۆکاری داب و نەریتەوە.

بەهۆی دەسپێنەگەیشتنی کچان بە هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هاوکاری گروپی خوێندکاران دەکات بەمەبەستی دەستگەیشتنیان بە وانەکان و ڕاهێنانیان بۆ ئەم مەبەستە و بەتایبەتیش بەکارهێنانی ئینتەرنێت (ڕاسپاردەی ٧).

هەندێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ڕۆڵیان بینی لە هاوکاریکردنی هەوڵەکانی ڕێکخراوە ناوخۆیی و نیشتمانیەکان لە عێراق بە پێشکەشکردنی هاوکاری دەروونی و دارایی بۆ ئەو خێزانانەی کە زۆرترین پێداویستیان هەبووە یاخود لە مەترسی گەورەدابوون.  لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکیان کەمتر هاوکاربوون بەوەی کە قبوڵی گۆڕانکاریان نەکردووە لە بەرنامەکانیاندا بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخە نوێکاندا بەمەبەستی دووبارە دەستکاریکردنەوەی پارەی تەرخانکراو بۆ خەرجیە لە ناکاوەکان. لەوەش زیاتر، هاوکاریەکانی ئەم ڕێکخراوانە لە کاتێکدا بوون کە زیاتر خۆی لە ڕاپرسیدا دەبینیەوە نەوەک پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ، بە تایبەتی بۆ ئاوارەی ناوخۆ لە کەمپەکاندا کە وایکردبوو لە دەسەڵاتی کەمپەکان داوای پارەی زیاتر بکەن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ئاوارەی ناوخۆ.

شایەنی باسکردنە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خێرا تر و کاریگەرتر بوون لە وەڵامدانەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتداران. بەگوێرەی وەڵامەکان لە پارێزگای دیالە: `یەکەم لایەن لە وەڵامدانەوەی کۆرۆنا ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بوون دواتر مزگەوتەکان و دواتر ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و لە کۆتایشدا حکومەتی فیدراڵی`.

دەرەنجامەکان شکستی گەورە نیشاندەدەن لە شێوازی وەڵامدانەوەی دەزگا فەرمیەکان، کە ناوچە دووره دەستەکانی پشتگوێ خستبوو بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەستیاری جۆری کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندێتی پێداویستی کۆمەڵە پشتگوێخراوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕیاری دەسەڵاتداران لە خوێندنی ئۆنلاین، جیاوازیە کەلتوری و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی لەبەرچاو نەگرتبوو یاخود نایەکسای جێندەری لە گەیشتن بە تەکنەلۆژیا و نەبوونی ژێرخانی پێویست بۆ ئەو مەبەستە (ڕاسپاردەی ٧).

لەدەرەنجامدا، ڕێکخراوە ناوخۆیی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕیزەکانی پێشەوەدا بە خێرایی توانیان وەڵامدانەوەیان هەبێت لە دەستنیشانکردنی پێداویستیە سەرەکیەکان کە لایەنە فەرمیەکان کەم و کورتیان هەبوو لە وەڵامدانەوەی کۆرۆنا و میکانیزمی جێگرەوەی پێویستیان پێشکەش کرد. لەوەش زیاتر، بەهۆی ئاسانی دەستپیاگەیشتنیان بە ناوچە جوگرافیا جیبیا جیا کاندا، ڕێکخراوەکان و تۆڕەکانی ژنان باشتر توانیان تێگەیشتنیان هەبێت بۆ چوارچێوە کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچە جیاجیاکاندا و پلانی پێویستیان هەبێت بۆ وەڵامدانەوە بەلەبەرچاوگرتنی هەستیاری بابەتەکان لە ڕووی کەلتوریەوە. لەدەرەنجامدا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە بەردەوام بێت لە هاوکاری کردنی هەوڵەکانی ڕێکخراوەکان و تۆڕەکان و نەرمی زیاترنیشان بدات لە جێبەجێکردنی بەرنامەکان و پارەدارکردنیان بەمەبەستی دڵنیا کردنی کاریگەری هەوڵەکان لەسەر ئاستەکانی ڕێگریکردن و پاراستن و ئاستەکانی تر.

**٥.٣. ڕاسپاردەی ٥:**

**پاڵپشتی بەشداری سیاسی ژنان و ڕۆڵی بڕیاردان لە شێوە کردنی وەڵامدانەوە بۆ پەتای کۆرۆنا و هەر پەتاو قەیرانێکی تر لە داهاتودا**

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە پاڵپشتی هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵ بکات بەمەبەستی دڵنیا بوون لەوەی کە ژنان لە هەموو ئاین و گرووپە جیاوازەکان بەشێوەیەکی کاریگەر بەشدار دەبن لە پەرەپێدانی پلانی و لیژنەکانی وەڵامدانەوەی لەناکاو بە جۆرێک هەموو ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان لەسەر دۆخی ژنان و کچان و کۆمەڵە پشتگوێخراوەکان هەیە لە بەرچاو بگیرێن. ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان ڕێکخراو و تۆڕەکانی ژنان لەسەر ئاستی ناوخۆ بەمەبەستی زامنکردنی پلانێکی وەڵامدانەوەی کاریگەر کە لە ئاست داخوازی کۆمەڵە پشتگوێخراوەکاندا بێت و جێبەجێبکرێن.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هەموو جۆرە پاڵپشتیەکی تەکنیکی و ڕاوێژی پێشکەش بکات لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و پەرەپێدانی پلانی ستراتیژی بەمەبەستی سنوردارکردنی کاریگەریە خراپەکانی قەیرانەکان هەرکاتێک پێویست بوو.

هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵ پێویستە هەموو جۆرە پاراستنێک پێشکەش بکەن بە ژنان بەمەبەستی بەشداریکردنی کارا لە بڕیاردان، بەتایبەتی لە ڕووبەڕوبونەوەی پیاوسالاری کە ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەکەنەوە، ناوبانگیان لەکەدار دەکات و مەترسی کوشتنیان زیاد دەکات بەهۆی بەشداریکردنی سیاسیان.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بدات بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی ڕێگر لەبەردەم پەرەپێدانی پلانی کاریگەر بۆ وەڵامدانەوە (وەک ژێرخانی ئابوری و سیستەمی پیاوسالاری، هتد)، و باسکردنیان بە پەرەپێدان، جێبەجێکردن و چاودێریکردنی پلانە درێژخایەنەک

ژنان لە عێراق بە بەردەوامی سوکایەتیان پێدەکرێت و ناویان دەزڕێنرێت ئەگەر بەشداری لە سیاسەتدا بکەن. بە گوێرەی بۆچونی یەکێک لە بەشداربووەکان: `ئەو ژنانەی کە بەشداریان لە هەڵبژاردنەکاندا کردبوو وەک کاندید سوکایەتی و هەڕەشەیان لێ دەکرا کە ببووەهۆی وازهێنانیان. هەندێکیان دەکوژران.

ژنان و کچان لە عێراق وەک شوێنکەوتەی ژنان دەبینرێن بەهۆی هۆکارە کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکانەوە، بە تایبەتی لە باشوری عێراق. زۆرێک لە بەشداربوان باسیان لەوە کردبوو کە دەستپیاگەیشتنی ژنان بە ئەو پۆستانەی کە بڕیار بەدەستن لە ئاساتی نیشتمانیدا (وەزارەت و پەرلەمان) کاریگەرن بە خزمایەتی و مەحسوبیەت، کە ڕێگرن لە ژنان لەوەی کە دەستیان بگات بە ئەو پۆستانەی کە دەیانەوێت لە حکومەتدا.

ئەمەش بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە لە بڕیاردان لە وەڵامدانەوەی کۆرۆنا کە ژنان بەشێکنەبوون لێی. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ژنان لە ناوەندی بڕیارداندا نەبوون لەسەر ئاستی ناوخۆ بە تایبەتی دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە مانگی ١٠ ی ٢٠١٩.

هەموو جۆرەکانی بەشداری سیاسی ژنان و کارە مەدەنیەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و بەتایبەتیش لە کاتی کۆرۆنادا، پێویستە بە ئاراستەیەک بێت کە هاوکاری ژنان بکات و پێویستە ئەم بەشداریکردنە ڕەنگدانەوەی هەبێت لە هەموو بوارەکاندا نەک تەنها کۆتای ژنان سەرەڕای گرنگی و کاریگەریەکانی (ڕاسپاردەی ٤)

بەشداربوان ئاماژەیان بەوە کرد کە ئامادەبوونی ژنانی چالاک لە یاساداناندا لە بارودۆخی ئاساییدا پاراستنی ژنان لە ڕووی یاساییەوە بەهێز دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتی کۆرۆنادا، ژنانی پەرلەمانتار نەیانتوانی هیچ کاریگەری یاخود دەستپێشخەریان هەبێت لەسەر بڕیاردان لەسەر یەکسانی جێندەری. لە لایەکی ترەوە، ژنانی ڕیزی پێشەوە لە ئاستی ناوخۆ، وەک دکتۆر و پەرستار و ژنانی چالاک لە کۆمەڵگای مەدەنی، توانیان وەڵامدانەوەی کاریگەریان هەبێت سەرەڕای شێوازی فەرمی بەشداریکردنیان.

لەدەرەنجامدا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە بەردەوامبێت لە هاندانی هەریەک لە حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان لە بەهێزکردنی بەشداری ڕاستەقینەی ژنان لە هەموو کایەکانی بڕیاردان. هەردوو حکومەت پێویستە ژنان بەشداربپێبکەن لە لیژنە ئیمێرجنسیەکاندا بەمەبەستی بەهێزکردنی شێوازی وەڵامدانەویان لە قەیرانەکاندا، هەروەها هاندانی چالاک کردنی هەماهەنگی تۆڕ و ڕێکخراوەکان لە هەموو شوێنەکان. ئەم تۆڕ و ڕێکخراوانە سەلماندیان کە دەتوانن کاریگەرتر وەڵامدانەوەیان هەبێ بە بەراورد بە وەڵامدانەوەی لایەنە فەرمیەکان.

بەشداربوان باسیان لەم کەموکورتیانە کرد لە وەڵامدانەوەی لایەنە فەرمیەکاندا لە عێراق لە غیابی بەشداری ژنان (بە بەراورد لەگەڵ وەڵامدانەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە فێمینستیەکان):

- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ تەنها وەڵامدانەوەیەکیان بۆ پەتاکە بریتیبوو لە ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆو داخستنی شوێنە گشتیەکان لە لایەن پۆلیس و هێزە ئەمنیەکانەوە لەگەڵ پشتگوێخستنی ناوچە دورە دەستەکان.
- ئەو هێزانەی کە قەدەغەی هاتوچۆیان دەسەپاند نەیانتوانی مافی کەمینەکان و گروپەکان لەبەرچاوبگرن، وەک ژنانی یەزیدی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە کەمپەکاندا و ئەوانەش کە لە کەمپەکانی سوریاوە دەهاتن. ئەم کۆمەڵانە داوایان دەکرد کە کەمپەکان بەجێ بهێڵن لە کاتی قەدەغەی هاتوچۆدا.[4]
- شکستهێنان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاوڵاتیان و لە ناویشیاندا ئەو کۆمەڵانەی کە داهاتیان لەدەست داوە و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.
- ناتەواوی وەڵامدانەوی حکومەت و لایەنە فەرمیەکان زۆر ئاشکرا بوون لە دەرخستنی کەم و کورتیەکانی سیستەمی تەندروستی لە وەڵامدانەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (ڕاسپاردەی ٨).
- بڕیاری حکومەت بۆ خوێندنی ئۆنلاین شکستی هێنا لە چاودێریکردنی جیاوازی جۆری کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە دەستگەیشتن بە خوێندن، ئەمانەش وای کرد زۆرێک لە کچان بێ بەش بن لە پەروەردە، و زیادبوونی هاوسەرگیری منداڵ (ڕاسپاردەی ٧).
- کچان و ژنان بێ بەش کران لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بەهۆی شکستی میکانیزمەکانی ڕێگریکردن و نەبونی سەرچاوەی تەندروستی و ستافی پێویست لە سێکتەری تەندروستی. خزمەتگوزاری تەندروستی لە قوتابخانەکاندا پێویستە بە شێوەیەکی بەپەلە دابینبکرێت چونکە کچان هەندێک جار ڕێگایان پێنادرێت بچنە سەنتەرە تەندروستیەکان.
- نەبونی شێوازێکی وەڵامدانەوەی کاریگەر بۆ توندوتیژیە خێزانیەکان (نەبونی سیستەمی فرە سێکتەری بۆ وەڵامدانەوە، بەتایبەتی لە دادگا و دامەزراوەکانی پۆلیس).
- چاودێری نەکردنی بارودۆخی ئابوری ژنان، ئەمەش بۆتە هۆی زیادبونی هەژاری ژنان، خۆکوشتن و استغلالی سێکسی لەدەرنجامی برسێتی و خراپتربوونی بارودۆخی ئابوری بەشێوەیەکی گشتی (ڕاسپاردەی ٣).

4 داخستنی کەمپەکان لە عێراق `١٠٠،٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆ لەوانەیە بە بێ ماڵ بەجێبهێڵێت`، تۆڕی هەواڵی بی بی سی، ٩ نۆڤەمبەری ٢٠٢٠، https://www.bbc.com/news/world-middle-east-٥٤٨٧٣٨٣٠، وەرگیراوە لە ٢٠ ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠.

**٦.٣. ڕاسپاردەی ٦:**
**لەشکرکێشی و بڵاوبونەوەی چەکی بچوک**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هەموو جۆرە هاوکاریەکی سەربازی و پڕچەککردن ڕابگرێت کە بگات بە دەستی میلیشیا سەربازیەکان. هەروەها پێویستە هانی حکومەتی فیدراڵی عێراق بدات بۆ ڕاگرتنی کڕین و فرۆشتن بە چەکی بێ مۆڵەت و تۆمارکردنی پێشێلکاریەکان کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و هەروەها تۆمارکردنی کاریگەریە جێندەریەکانی لەسەر ژنان و کەمینەکان لە عێراق.
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەروەها پێویستە فشار لە حکومەتەکان بکات بۆ گۆڕینی وەڵامدانەوەیەکی سەربازیانە بۆ وەڵامێک کە هۆکارە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانی لەبەرچاوگرتبێت، زیادکردنی کاریگەریەکانی وەڵامەکان و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی قەیرانەکان.

بەشداربوان ئاماژەیان بەوەکرد کە حکومەتی فیدراڵ و هێزە ئەمنیەکان سیاسەتی سەلامەتیان سەپاندوە، لەوانەش پابەندبوون بە قەدەغەی هاتوچۆ بە بەکارهێنانی هێز. بە ئەمنیکردنی کۆرۆنا پێویستە بەجۆرێک بناسرێت کە ببەسترێتەوە بە بڵاوبونەوەی چەک لە عێراق، ڕێژەی چەک بەدەست میلیشیاکانەوە، هەروەها زیادبوونی بەکارهێنانی چەک بۆ ئەنجامدانی تاوانی کوشتن دژی ژنان لە ژینگەی ناوخۆدا. هەروەک یەکێک لە بەشداربوان لەسەر زیادبونی بەردەستبوونی چەک ووتی: `فرۆشگای کڕین و فرۆشتنی چەک زیاتر کراوەتەوە لە کەرکوک، لەژێر ناوی فرۆشتنی چەکی ڕاو`. چەک هەروەها کەوتوتە دەست خێڵەکان و بە شێوەی بەردەوام بەکاردەهێنرێت دژی کۆمەڵە پشتگوێخراوەکان و کەمینەکان.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە فشاری زیاتر بکات لەسەر حکومەت لە گۆڕانکاری لە وەڵامدانەوەیەکی عەسکەریانەوە بۆ پاڵپشتی کردنی تیمە پزیشکیەکان و کۆمەڵە تایبەتیەکانی وەڵامدانەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر کۆرۆنا و کاریگەریەکانی لەسەر ژنان و کچان. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بە عەسکەرکردن بۆ وەڵامدانەوەی کۆرۆنا کاریگەریەکی پێچەوانەی خراپی هەیە لەسەر لایەنی بیرکردنەوە و دەروونی کچان و ژنان کە هۆکار بووە بۆ دروستکردنی ترس و تۆقین کە ڕێگر بووە لە دەستگەیشتنیان بە نەخۆشخانە و سەنتەرە تەندروستیەکان. وەک یەکێک لە بەشداربووەکان لە پارێزگای بەغدادەوە باسی لەوە کرد: `بڵاوەپێکردنی سوپا هاتووچۆی ژنانی سنوردار کردبوو، بەتایبەتی ژنانی دووگیان، ئەمەش وایکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر دووربکەونەوە لە سەردانکردنی نەخۆشخانەکان و زۆربەی منداڵبوونەکان لە ماڵدا ڕوویداوە، ئەمەش بوو بە هۆی زیادکردنی مەترسی لەسەر ژنان`.

سەرەڕای ئەمانەش، هێزەکانی سوپا ئاستەنگیان خستۆتە بەردەم کاری تۆڕە مەدەنیەکان و تاکەکان کە پێویست بوو چەند تیمێک بەگەڕبخەن بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست تایبەت بە پەیوەندی کردن (دابەشکردنی هاوکاریەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری)، بەهۆی دژیەکی لە ووتەی لایەنە فەرمیەکان و گۆڕانکاری لە دوا ساتەکاندا لە پرۆسەی ڕەزامەندی وەرگرتن.

---

**٧.٣. ڕاسپاردەی ٧:**
**کاریگەری جۆری کۆمەڵایەتی فێربونی ئۆنلاین و هەلی یەکسان بۆ گەیشتن بە تەکنەلۆژیا**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بکات بۆ پێدانی تۆڕی ئینتەرنێت لە ناوچە دوورە دەستەکان، دابینکردنی ئامێرە زیرەکەکان بۆ خوێندکاران بەبێ بەرامبەر یاخود بە نرخێکی زۆر کەم، دڵنیابوون لە گەیشتنی خوێندکاران بە ئینتەرنێت، و پێدانی کۆمەڵەجیاوازەکان هەلی یەکسان بۆ گەیشتن بە سەرچاوە تەکنەلۆژیەکان. هەردوو حکومەت پێویستە پەرە بە شێوازەکانی فێربونی دوور بدەن بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی جێندەری، ئەنجامدانی شیکردنەوەی جێندەری پێش جێبەجێکردن، و بەهێزکردنی هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە بوارەکاندا چالاکن.

هەردوو حکومەتەکە لە عێراق پرۆسەی خوێندنی ئۆنلاینیان پەیرەو کرد بە بێ ئەنجامدانی شیکردنەوەیەک لەسەر: هەبونی ژێرخانی پێویست؛ ئامادەیی و پەخشکردن لە لایەن تۆڕەکانەوە؛ سنورداری بارودۆخی ئەمنی لەو ناوچانەی کە ناکۆکی لێیە و کێشەی دەستێوەردانیان هەیە؛ کاریگەری جۆری کۆمەڵایەتی کۆرۆنا لەسەر کچان و ژنان؛ و جیاوازی لە نێوان کچان و کوڕان لە توانای دەستگەیشتنیان بە تەکنەلۆژیا.

بەشداربوان ئاماژەیان بەوە کردبوو کە ژنان و کچان لە ناوچە دوورەدەستەکاندازیاتر پشتگوێ خراون کە وای کردووە کەمتر دەستیان بگات بە تەکنەلۆژیا، و بەهۆی جیاوازی بارودۆخی ئابوری، هەژاری و پەراویزخستن، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان نەیانتوانی دەستیان بگات بە ئامێرە کارەباییەکان بۆ کچەکانیان بۆ تەواوکردنی پەروەردە، کە ئەمەش بووەهۆی چونەدەرەوەیان لە خوێندنگاکان. لە زۆربەی ناوچەکاندا، نۆرمە جێندەریەکان و باڵادەستی بۆچونی پیاوسالاری توانای کچانی بۆ دەستگەیشتن بە پەروەردەی ئۆنلاین چونکە کچان ڕێگریان لێ دەکرا لە پەیوەندیکردن بە مامۆستای پیاو.

**٨.٣. ڕاسپاردەی ٨:**
**بەهێزکردنی وەڵامدانەوی تەندروستی پەیوەست بە هەستیاری جێندەری**
کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بدات لە وەبەرهێنان لە سێکتەری تەندروستیدا، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جۆری کۆمەڵایەتی و جیاوازیە ئاینیەکان و ئەو جیاوازیانەی کە دەبێت لەبەرچاوبگیرێت بۆ کۆمەڵە پشتگوێخراوەکان. هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هاوکاری ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی تەندروستی بکات بە هاوکاریکردنی ئەو پرۆژانەی کە خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش دەکەن بۆ ژنان و کچان کە ناتوانن دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان. وەڵامدانەوە تەندروستیەکان پێویستە هەستیاری جێندەری تیادا ڕەچاو بکرێت.

شکستی پێکهاتەی کەرتی تەندروستی لە عێراق هاوکاتە لەگەڵ شکستی مێژویی هەردوو حکومەت لە بەرەوپێشبردنی ئەم سێکتەرە، لە هەردوو بارودۆخدا کۆمەڵێک ئاستەنگی تەندروستی هەبوون کە کاریگەری هەیە لەسەر کچان و ژنان. هۆکارە کەلتوریەکان (نۆرمە جێندەریەکان، داب و نەریت) هاوکاتبوون لەگەڵ هۆکارەکانی بە سەربازیکردن، گەندەڵی، شکست لە بنیادنانی ژێرخانی تەندروستی، و ناوەندێتی لە کارگێری دا، وایان کردووە ئاستەنگەکان زیاتر بن.

لەو ئاستەنگانەش:

- نرخی کاڵاکانی ڕووبەڕووبونەوەی کۆرۆنا (ماسک، دەستکێش و پاککەرەوەکان) زیادیان کردووە سەرەڕای خراپی کواڵتی و سنورداری دەستپێداگەیشتن بۆ زۆرێک لە خێزانەکان.
- ژنان و کچان ڕێگریان لێ دەکرا بۆ گەیشتن بە نەخۆشخانەکان لە لایەن ئەو هێزانەوەی کە بڵاوەیان پێکرابوو بۆ سەپاندنی قەدەغەی هاتوچۆ.
- ژنان و کچان بەشێوەکی سنوردار دەستیان دەگەیشت بە خزمەتگوزاریەکانی منداڵبون بەهۆی نەبوونی چارەسەر و ستافی پزیشکی پێویست کە وایانکردبوو منداڵبوون لە ماڵەکاندا ڕووبدات کە ئەمەش هۆکاربوو بۆ دەرەنجامی تەندروستی خراپ لەڕووی تەندروستی و زیادبوونی ڕێژەی منداڵبوون لەنێوان ژناندا.
- جیاکاری کردن لە پێدانی کەرەستەی تەندروستی خۆپارێزی لە نێوان ژنان و پیاواندا لە سێکتەری تەندروستی، کە وای کردبوو ژیانی سستەر و دکۆرە ژنەکانی خستبووە مەترسیەوە. دکتۆر و سستەرە مێینەکان لە لایەن خێزانەکانیانەوە سوکایەتیان پێدەکرا و بەدوور دەبوون لێیان لە ترسی هێنانی ڤایرۆسەکە بۆیان.
- ژنان و کچان ڕێگایان پێ نەدەدرا کە بچنە دەرەوە لە لایەن پیاوانەوە لە خێزانەکانیاندا بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی بۆ نەخۆشی کۆرۆنا، ئەمەش بووە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی مردن لە ناو کچان و ژناندا بەهۆی کەمبونەوەی ئۆکسجین لەو تەنکیانەی کە دروستکرابون بۆ بەکارهێنانی ماڵان.
- ئەو ترسەی کە لای ژنان هەبوو تایبەت بە نەخۆشی کۆرۆنا ڕێگریکرد لە زۆرێک لە ژنان و کچان لە باسکردنی نەخۆشیەکانیان، پیاوانی ناو خێزانەکان ڕێگایان نەدەدا کە دکتۆری پیاو پشکنین بۆ ژنانی ناو خێزانەکانیان بکەن بەهۆی داب و نەریتەوە.
- تیمە پزیشکیەکان کە کەرەنتینەی هاوڵاتیان دەکرد ئەندامی ژنیان تیا نەبوو، بۆیە ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو کە خێزانەکان ڕاپۆرتی ئەو کەیسانەیان نەدەکرد کە ژنان و کچانی تیادا بوو. خێزانەکان ئەو ڕاستیەیان پێ قبوڵ نەدەبوو کە ژنان و کچان لە شوێنێکی دەرەوەی ماڵەکانیاندا کەرەنتین بکرێن کە نەتوانرێت لەو ماوەیەدا سەردانیان بکرێت.
- لە پێشینەیی لە چارەسەردا دەدرا بە پیاوان لە خێزانەکاندا بەهۆی ئەوەی کە چارەسەر و نەخۆشخانەکان بێ بەرامبەر نەبوون بۆ کچان و ژنان و تەنها بە ڕەزامەندی پیاوانی خێزانەکانیان دەیانتوانی بگەن بە چارەسەرە پزیشکیەکان.
- نەبوونی سەنتەری تەندروستی تایبەتمەند لە زۆرێک لە پارێزگاکاندا، بەتایبەتیش لە ناوچە دوورەدەستەکاندا، هەروەک یەکێک لە بەشداربوان لە زی قار ئاماژەی بەوە کرد: `نزیکترین سەنتەری تەندروستی حەوت کیلۆمەتر دوورە لێرەوە کە ئەمە وای کردووە زۆر قورسبێت بۆ کەیسە بەپەلەکانی وەک منداڵبوون و ژەهراوییبوون کە بە ئاسانی بگەنە جێ و زۆربەی کات لە ڕێگادا بمرن`. لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکی لە هەندێک لە ناوچەکاندا وەک شەنگال ناچار بوون بچن بۆ نەخۆشخانەکانی تایبەت بە نەشتەرگەری لە پارێزگاکانی تر یاخود وڵاتانی دراوسێی وەک سوریا. هەروەها لەگەڵ داخستنی خزمەتگوزاریەکان و قەدەغەی هاتوچۆدا، هەموو خێزانەکان بێ بەش بوون لە دەستگەیشتنیان بەم خزمەتگوزاریانە.
- خراپی سەنتەرەکانی تەندروستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە گشتگیرەکان بۆ ژنان و کچانی خاوەن پێداویستی تایبەت. بۆ نمونە، ئەو کەسانەی کە کێشەی بینینیان هەیە تەنها بە هاوکاری کەسانی تر دەتوانن ڕێنماییەکانی تایبەت بخوێننەوە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ژنان و کچانی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتر گۆشەگیر بن لە ماڵەوە بەهۆی ئەوەی کە خێزانەکانیان ناتوانن هاوکاری پێویستیان بکەن.
- سێکتەری تەندروستی لە عێراق کێشەی گەورەیان هەیە لەسەر گەندەڵی و پشتگوێخستن. بڵاوبونەوەی گەندەڵی وایکردووە کەم و کورتی هەبێت لە هاوکاریەکانی تایبەت بە کۆرۆنا و پێداویستیە پزیشکیەکان کە وایکردبوو حاڵەتەکانی توشبوون زیاتر بن و نەخۆشخانەکان ببونە سەرچاوەی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە  لە چەند پارێزگایەک، وەک نەجەف.

لە کۆتایدا، سەرجەم بەشداربوان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە بەرپرسیارێتی چارەسەری کۆرۆنا و ڕێگریکردن لێی لە عێراق بەجێهێڵراوە بۆ خەڵکەکان خۆیان. لە دەرەنجامدا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە هانی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بدات بۆ بە ناناوەندێتی وەڵامەکان بە وەبەرهێنان لە سێکتەری تەندروستی و پێشکەشکردنی تیمی گەڕۆک بەمەبەستی ڕێگریکردن و پێشکەشکردنی هاوکاری تەندروستی بۆ ژنان و کچان و خێزانە کەم تواناکان. هەردوو حکومەتەکە پێویستە  گرنگی بدەن بە خزمەتگوزاریە بێ بەرامبەرەکان و سەنتەرە گەڕۆکەکان، کە بەشێک لەمانە پێویستە تەنها خزمەتگوزاری پێشکەش بە ژنان و کچان بکەن، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەدەستەکاندا، بۆ زامن کردنی دەستپیاگەیشتنی یەکسانی ژنان و پیاوان بە یەکسانی لە خزمەتگوزاریەکان.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەروەها پێویستە هانی حکومەتەکان بدات بۆ هاوکاریکردنی سیستەمی تەندروستی بە شێوەیەکی ڕێکخراو، پێدانی کەرەستەی تەندروستی گونجاو و هۆکارەکانی گواستنەوەی پێویست بۆ گەیشتن بە سەنتەرە تەندروستیەکان، هاوکاریکردنی هەبوونی چارەسەری بێ بەرامبەر بۆ خێزانە کەم دەرامەتەکان.

# ٤. هاوبەشەکان

**ڕێکخراوی ئاسودە**

ڕێکخراوی ئاسودە کار دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و کچان لە ڕێگای داکۆکی کردن لە مافەکانیان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکانی تایبەت پێیان. ئاسودە هانی ژنان دەدات کە هەماهەنگ بن لە ناو کۆمەڵگادا، بەژدار بن لە پرۆسەی بڕیاردان و پێشەنگ بن لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکاندا. ئاسودە بەبێ جیاکاری نەتەوەیی، ئاینی و ڕەگەزی کاردەکات بۆ ژنان و کچان لە کوردستان و عێراق لە ڕووی پاراستن و هۆشیارکردنەوە و داکۆکیکردن.

**تۆڕی ژنانی عێراق (IWN)**

تۆڕی ژنانی عێراق چوارچێوەیەکی ژنانی ناحکومیە کە ئامانجی هەماهەنگیە لەنێوان ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵەکان بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی، حکومی یاسا و مافەکانی مرۆڤ و کارکردنە بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ژنان لە عێراقی نوێ دا. ئەم تۆڕە ئامانجی بەدیهێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و پێداگری لەسەر ڕۆڵی ژنان لە بڕیاردان و بنیادنانی ڕێساکانی دیموکراسی و دادگەری و یەکسانی و ئاشتی یە لە دەستوری عێراقی دا، هەروەها کارکردنە سەر یاساکان و ڕێسا گشتیەکان و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ڕووبەڕوبونەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ژنان.

**پەیمانی ژنانی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی و ئازادی (WILPF)**

پەیمانی ژنانی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی و ئازادی (WILPF) ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتیە لەگەڵ هەبوونی چەند بەشێکی تایبەت بە کیشوەرێکی جیاجیا، بنکەی سەرەکی لە شاری جنێڤ ە و ئۆفیسی هەیە لە شاری نیۆرک کە کاردەکات لەسەر کارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان.

لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ژنانی لە سەرتاسەری جیهانەوە کۆکردۆتەوە کە ئامانجی هاوبەشیان ئاشتیە. شێوازی ئێمە هەمیشە کارکردنە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی، چوارچێوەی نێودەوڵەتی یاسایی و سیاسی بەکاردەهێنین بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان لە چۆنیەتی تێڕوانینی دەوڵەتان لەسەر بابەتەکانی جێندەر، سەربازگەرایی، ئاشتی و ئاسایش.

**کاری جێندەر بۆ ئاشتی و ئاسایش (GAPS)**

بریتیە لە تۆڕی بەریتانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ژنان و ئاشتی و ئاسایش. ئێمە ڕێکخراوی ئەندامین لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە بواری گەشەپێدان، مافەکانی مرۆڤ، هاوکاریە مرۆییەکان و بنیادنانی ئاشتی. کاردەکەین بۆ پەرەپێدانی ئەجێندای ژنان و ئاشتی و ئاسایش، لە ناویشیاندا بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ١٣٢٥. گاپس کاردەکات بۆ ئەوەی حکومەتی بەریتانیا پابەندبێت بە پابەندبونە نێو دەوڵەتیەکانیەوە بەرامبەر بە ژنان و کچان لە ناوچەکانی ناکۆکی دا.

ئەمە ڕاپۆرتێکی سەربەخۆیە کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پاڵپشتی دارایی کراوە. سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی بەریتانیا پاڵپشتی کردووە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی حکومەت و سیاسەتەکانی بەریتانیا بێت.

Translation by Ali Barazi
Edited by Emily Dontsos and Mary Wessel

Funded by: HM Government

Women's International League for Peace & Freedom · Iraqi Women Network · ASUDA – Empower Women to Lead · gaps uk – gender action for peace and security